

# دیاریی مەجووسەکان، یان بیرمەندەکان

ئۆ هێنری
لە ئینگلیزییەوە: ئیحسان سابیر خەیات

تەنیا دۆلارێک و هەشتا و حەوت سەنت بوو، شەست سەنت لەو پارەیە بە شێوەی پێنی (penny)ی بەریتانی بوو کە (دێلا) دوای مامەڵەکردنێکی سەخت بە دەمەهەراشی خۆی، لەگەڵ بەقاڵ و گۆشتفرۆش و سەوزەفرۆشان پاشەکەفتی کردبوو، وەلێ ئەوانیش لە بەرانبەردا ناویان بە (قرچۆک و چاوچنۆک) بردبوو، ئەوەش دڵ و دەروونی هەراسان کردبوو.

«دۆلارێک و هەشتا و حەوت سەنت»، نە جارێک و نە دوو و نە سێ بەردەوام دەیژمارد. بەیانیش چەژنی کریسمەس بوو، ئیتر بۆ وەدەستهێنانی بڕێکی تر چی بکات. هیچی نەکرد تەنیا خۆی کوتایە سەر شرە قەنەفەکەوە و دەستی بە نووزانەوە و مشەمش کرد، ئەوجا بیری کردەوە ژیان لای ئەو لە بزەگرتن و ئەسرین ڕشتن بەولاوە هیچی تر نییە، لێ ئەوەی دووەم هەمیشە بەسەر یەکەمدا زاڵە.

کەمێک لە ماڵەکەی ڕاما، شوقەیەکی ڕاخراو بوو، کرێی حەفتانەی تەنیا هەشت دۆلار دەخەملێنرا، هەرچەندە وەکوو ماڵی دەرۆزەکەرێک نەبوو، بەڵام لەویش باشتر نەبوو. لە دەروازەکەیدا سندووقێکی نامە دانرابوو، هێشتا تاقە نامەیەکیشی نەخرابووە ناو و لەسەر دەرگاکەش زەنگێکی کۆنی کارەبایی هەبوو کەس پلی بۆ نەدەبرد. لە تەنیشتیدا کۆنە تابلۆیەک ناوی خاوەنەکەی لەسەر بوو (جێمس دیلینگهام یۆنگ).

خانەوادەی (دیلینگهام) لە ڕۆژگارێک کە حەفتانە سی دۆلاریان وەردەگرت، بە خۆشی دەگوزەران،

بەڵام کە داهاتەکەیان بووە بیست دۆلار، بژێوییان تا دەهات سەختتر دەبوو، تەنانەت پیتەکانی ناوی (دیلینگهام) پیس و لێڵ هەڵگەڕابوو، بۆیە سەرکزانە بیریان کردەوە پیتەکان، بۆ تەنیا پیتی (د) کەم بکەنەوە، بەڵام کە (بەڕێز جێمس دیلینگهام یۆنگ) دەگەڕایەوە ماڵەوە، خاتوونەکەی بە ناوی (جیم) بانگی دەکرد و زۆر بە توندی لە ئامێزی خۆی دەگرت، ئەمە خۆشترین ساتیان بوو.

(دێلا) کۆتایی بە گریانی هێنا و دەستی دا پۆدرە بۆ سپیکردنەوەی ڕوخسارەکەی، ئەوجا لەبەر پەنجەرە ڕاوەستا بە خەمناکییەوە سەیری پشیلەیەکی خۆڵەمێشی کرد کە بە بن شوورە خۆڵەمێشییەکەی حەوشەی خۆڵەمێشیی پشتەوە دەڕۆیشت.

بەیانی جەژنی کریسمەس بوو و (دێلا) تەنیا دۆلارێک و هەشتا و حەوت سەنتی بۆ کڕینی دیارییەک بۆ (جیم) هەبوو. هەر (پێنییەک)ی بە چەند مانگێک کۆکردبووەوە. حەفتەی بە بیست دۆلار، ژیانیان قورس بوو، خەرجییەکانیان زۆر قورستر بوو لەوەی کە دەیخەملاند.

دۆلارێک و هەشتا و حەوت سەنت بۆ کڕینی دیارییەک بۆ (جیم)ی خۆشەویستەکەی زۆر کەم بوو، کاتە بە نرخەکەی خۆی بۆ پلاندانان و کڕینی شتێکی دانسقە بۆی تەرخان کردبوو، شتێکی جوان و دەگمەن- زیوێکی خاوێن- شتێک بێ، شایەنی خۆشەویستی ئەو بێ. لە نێوان دوو پەنجەران ئاوێنەیەک هەڵواسرابوو، تەنیا (دێلا) لە پێشیدا دەیزانی چۆن ڕابوەستێ. ڕەنگە کەسێکی ناسک و قەدباریکی وەکوو ئەویش لە پێش ئاوێنەی تەنگ و باریکی وا شارەزای ڕاوەستان بێ.

لە پڕ لە پەنجەرەکە بای داوە بۆ پێش ئاوێنەکە. چاوەکانی وەک ئەستێرە دەگەشانەوە، بەڵام لە ماوەی بیست چرکەدا ڕوخساری گۆڕا. دەستوبرد هەموو پرچەکەی خۆی بەرداوە خوارەوە.

ئێستا خانەوادەی (جێمس دیلینگهام یۆنگ) خاوەنی دوو شت بوون کە هەردووکیان شانازییان پێوە دەکردن. یەکێکیان کاتژمێرەکەی (جیم) بوو کە لە باوک و باپیری بۆی مابۆوە. ئەوەی دووەم پرچی (دێلا) بوو. ئەگەر (شاژنی سەبەو) دراوسێی شوقەکەیان بوایە، (دێلا) ڕۆژێک پرچی خۆی بە بیانووی وشککردنەوە لە دەرەوەی پەنجەرەکەیانەوە بەردەداوە، تەنیا بۆ بێ نرخکردنی خشڵ و دیارییەکانی شاژن. ئەگەر (شا سلێمان)یش خزمەتگوزاری گەنجینەکانی نێو ژێرزەمینەکەی دەبوو، (جیم) چەندان جار بە لایەوە ڕەت دەبوو و کاتژمێرەکەی خۆی لەبەر چاوی دەردەهێنا تا ببینێ چۆن لە حەژمەتان ڕیشی خۆی لە بنەڕەتدا هەڵدەکێشێ.

جا ئێستا (دێلا) پرچە ناوازەکەی خۆی بەرداوە سەر بەژن و باڵاکەی و گروازەکانی وەک شەپۆلی ئاوی قاوەیی تاڤگە، تا ئەژنۆکانی دەدرەوشانەوە و بۆی بوون بە پۆشاکی ئاوریشم. دواتر دیسان بە پەلە بە نیمچە تووڕەییەکەوە ئەو کارەی دووبارە کردەوە. جارێک بە لافوگەزاف خۆی هێناوبرد، ئەوجا ڕەق ڕاوەستا و یەکدوو تنۆک فرمێسکی بەرداوە سەر کۆنە مافوورەکە. کۆنە چاکەتە قاوەییەکەی لەبەر کرد، ئەوجا کۆنە شەپقە قاوەییەکەی لەسەرنا و بە بادانی تەنوورەکەی و بە چاوە درەوشاوەکانی و بە خۆ بادانەوە بۆ ناو شەقام شۆڕ بووەوە.

لەو شوێنەی ڕاوەستابوو، تابلۆیەکی بە ناوی «خانم سۆفرۆنی بۆ کڕین و فرۆشتنی هەموو جۆرە پرچێک»ی خوێندەوە. بە پەلە بۆ نهۆمی یەکەم غاری دا سەرەوە، پشوویەکی دا.

(خانم سۆفرۆنی) ئافرەتێکی زل و زۆر سپی و ساردوسڕ بوو، (دێلا) پرسیاری لێ کرد:

- پرچی من دەکڕی؟

- دەیکڕم خاتوون، شەپقەکەت دانێ با سەیرێکی بکەم.

پرچە قاوەییەکەی بەرداوە، تاڤگەئاسا خوڕڕەی لێوە هێنا.

خانم پرچەکەی بە دەستە لێهاتووەکەی بەرز کردەوە و گوتی:

- بیست دۆلار دەهێنێ.

- دە خێرا بمدێ.

دوای دوو کاتژمێر (دێلا) لە خۆشییان، بۆ گەڕان بە دوای کۆگاکان بۆ کڕینی دیارییەک بۆ (جیم)، پێی عاردی نەدەگرت.

دواجار دۆزییەوە. شتێک بوو کتومت بۆ کاتژمێری (جیم) دروست کرابوو، شتێک بوو لە هیچ کۆگایەکدا هاوشێوەی نەبوو. زریزەیەکی پلاتین بوو بۆ کاتژمێری گیرفان، زۆر سادە و پاک بوو. بەهاکەی وەکوو هەر کاڵایەکی تر لە ماددەکەی بوو، نەک لە جوانییەکەی، تەنانەت زۆر لە کاتژمێرەکەش دەوەشایەوە، کە چاوی پێ کەوت زانی دەبێ بۆ (جیم) بێ، چونکە بەها و هێمنی دوو خەسڵەتی هاوبەشیان بوون، هەردووکیان هاوتای یەکتر بوون.

بۆ ئەو زریزەیە بیست و یەک دۆلاریان لێ وەرگرت و ئیدی بە خۆ و بە هەشتا و حەوت سەنتەکەی سووکێ بۆ ماڵەوە هەنگاوی نا. هەڵبەتە (جیم) زۆر پەرۆش دەبوو بە کاتژمێر و زریزەکەوە بچێتە نێو هاوڕێکانی. پێش ئێستا جار بەجار سەیری کاتژمێرەکەی دەکرد، بەڵام بە نهێنییەوە بوو، چونکە لە بری زریزە، شریتێکی کۆنی پێستی پێوە بوو.

کە (دێلا) گەیشتە ماڵەوە، ژیری و وردبینی کەمێک جێگەی مەستییەکەی گرتەوە. زوو بە زوو ئوتووی پرچی دەرهێنا و گازی داگیرساند و دەستی بە ڕێکخستنەوەی ئەو وێرانکارییە کرد کە لە سایەی خۆشەویستیدا بەسەر پرچەکەیدا هاتبوو، ئەوە بێگومان کارێکی زۆر سەختە هاوڕێیانی ئازیز.

لە ماوەی چل خولەکدا سەرتاپای پرچی بە وردی و بە چڕی بە شێوەیەکی زۆر جوان لوول دابوو، وەکوو هی قوتابییەکی تەمەڵی دەرکراوی لێکردبوو، ئەوجا لە پێش ئاوێنەدا بە گلەیی ورد سەیری خۆی کرد.

خۆی بە خۆی گوت: ئەگەر(جیم) نەمکوژێ بەر لەوەی جاری دووەم سەیرم بکات، دەڵێت تۆ هاوشێوەی کچە سەماکەر و گۆرانیبێژی دوورگەی (کۆنی Coney)، بەڵام ئاخ! چیم کردبا؟ چیم لە یەک دۆلار و هەشتا و حەوت سەنت کردبا؟

لە کاتژمێر حەوت قاوەکە ئامادە بوو و تاوەی سوورکردنەوەی گۆشتیش ئامادە بوو، (جیم) هەرگیز دوا نەدەکەوت. (دێلا) زریزەکەی لە دەستیدا گرمۆڵە کرد و لەسەر گۆشەیەکی مێزەکەی دانیشت کە لەو دەرگایەی (جیم)ی پێدا دەهاتە ژوورەوە نزیک بوو، لە پڕ گوێبیستی ترپەی پێی (جیم) بوو بەسەر قادرمەوە دەهاتە نهۆمی یەکەم، ڕەنگی سپی هەڵگەڕا. نەریتێکی هەبوو ئەویش ئەوە بوو دوعا و نزای بۆ سادەترین وردەکارییەکانی ڕۆژانەی خۆی دەکرد، کەچی ئێستا پاڕایەوە و گوتی: «خوایە گیان تکایە وای لێ بکە هێشتا هەر بە جوانم بزانێ».

دەرگاکە کرایەوە و (جیم) هاتە ژوورەوە و دایخستەوە. لاواز و مڕ و مۆن دیار بوو، داماوەی تەمەنی تەنیا بیست و دوو ساڵ بوو کە کەوتە

ژێر باری خێزانداریییەوە ! نە قاپووتێکی هەبوو و نە دەستەوانەیەک. لەلای ژوورەوەی دەرگاکە ڕەق ڕاوەستا، وەک ئەوەی تازە بۆنی سوێسکەی کردبێ، چاوەکانی ئەبڵەق لەسەر (دێلا) گیرسایەوە و شتێکیان دەربڕی کە (دێلا) پەی پێ نەبرد و ترساندی. شتەکە نە تووڕەیی و نە سەرسوڕمان و نە ناقایلی و نە تۆقاندن و نە هیچ یەک لەو هەست و سۆزانە بوو کە خۆی بۆ ئامادە کردبوو، بەڵکوو چاوەکانی ئەو تەنیا شتێکیان دەردەبڕی.

(دێلا) سووک لە دەوری مێزەکە سووڕایەوە و بۆ لای (جیم) چوو و هاواری کرد:

– (جیم) ئازیزم، بەو شێوەیە سەیرم مەکە، من پرچی خۆم بڕیوە و فرۆشتوومە، چونکە نەمدەتوانی جەژنی کریسمەس بگێڕم ئەگەر دیارییەکت پێ نەبەخشم، پرچەکە دێتەوە– نیگەران مەبە. من ناچار بووم ئەو کارە بکەم، پرچی من زۆر خێرا گەشە دەکات. (جیم)! بڵێ جەژنی کریسمەست پیرۆز بێ، با دڵمان خۆش کەین. تۆ نازانی دیارییەکی چەند جوان و دڵگیرم بۆ هێناوی.

(جیم) وەکوو بڵێی هێشتا بڕوای نەکردبێ، پرسیاری لێکرد:

– چی؟ پرچی خۆت بڕیوە؟

– بڕیم و فرۆشتم. حەزت لێم نییە؟ من بە بێ پرچەکەم هەر (دیلا)ی جارانم، وا نییە؟

(جیم) بە مەراقەوە چاوەکانی لە ژوورەکە گێڕا و بە نیمچە گەمژەییەکەوە گوتی:

– دەڵێی پرچت نەماوە ؟

– پێویست ناکات بە دوایدا بگەڕێیت، فرۆشراوە، پێت دەڵێم فرۆشراوە و ڕۆیشت. کوڕە جەژنە جەژن. کوڕی باش بە لەگەڵم، چونکە بۆ تۆم فرۆشتووە.

ئەوجا بەو وشە شیرینانە بەردەوام بوو و گوتی:

– ڕەنگە تاڵە مووەکانی پرچم بژمێردرێن، بەڵام هەرگیز کەس ناتوانێ خۆشەویستیم بۆ تۆ بژمێرێ. (جیم) گۆشتەکە بخەمە سەر ئاگر؟

(جیم) لە پڕ لە مەستییەکەی بە ئاگاهات. (دێلا)ی لە ئامێز گرت و گوتی:

– بۆ چەند چرکەیەک با ژیرانە بیرمان لەسەر شتی بێ نرخ لاچێ، حەفتەی هەشت دۆلار، یان ساڵانە ملیۆنێک– جیاوازییان چییە؟ ماتماتیکزانێک، یان بیرتیژێکیش بێ وەڵامی هەڵە دەداتەوە. بیرمەندەکان دیاری گرانبەهایان هێنا، وەلێ ئەو بابەتە لە نێویاندا نەبوو. (ئەو بابەتە) لێڵە، لە دواییدا ڕوون دەبێتەوە.

(جیم) پاکەتێکی لە نێو گیرفانی قاپووتەکەی دەرهێنا و هاویشتییە سەر مێزەکە و گوتی:

– (دێلا) نەکەی بە هەڵە لێم تێ بگەی. من پێموا نییە پرچ بڕین، یان شووشتنەکەی هۆکارێک بێ کە خۆشەویستیم کەم بکاتەوە، لێ ئەگەر ئەو پاکەتە بکەیتەوە، دەزانی لەبەر چی لە سەرەتا ناچارت کردم کەمێک دوورکەومەوە.

بە پەنجە بلوورییەکانییەوە (دێلا) شریت و کاغەزی پاکەتەکەی دڕاند، ئەوجا بە جۆشوخرۆشەوە قیژاندی و ئاخێکی هەڵکێشا! لە هیکڕا گۆڕانێکی ژنانەی بەسەرداهات. گریان و فرمێسکی بە خوڕ خاوەنی ماڵەوەی ناچار کرد دەسبەجێ بە هەموو توانایی خۆی هەوڵ بدا هێوری بکاتەوە. ئەوەش بە هۆی شانەکانی– دەستە شانەییەکان بوو کە (دێلا) سەردەمێکی درێژ بوو لە (پەنجەرەی برۆدوێی) (*) دەیانیپەرست. شە (شانە)ی ناوازەی لە پشتی کیسەڵ دروستکراو بە وردە گەوهەر چنراو، وەکوو سێبەر بۆ پرچە جوانە بڕدراوەکەی. (دێلا) زانی شانەکان جۆری گرانبەها بوون، بۆیە دڵی بۆیان

تاسەی کردبوو، بێ ئەوەی کەمترین هیوای پێیان هەبێت، کەچی ئێستا بوو بە خاوەنیان، بەڵام ئەو گروازانەی پرچی نەمان کە دەبوایە ئارایشت بکرێن. بە هەر حاڵ دوورودرێژ باوەشی خۆی تێوەرهێنان، ئەوجا بە چاوە کزەکانی سەیری سەری خۆی کرد و بزە گرتی و گوتی:

- (جیم) پرچەکەم زوو دێتەوە.

ئەوجا وەکوو فەرخە پشیلەیەکی ڕووتاو خۆی هەڵدا و هاواری کرد: «ئۆو، ئۆو!»

(جیم) هێشتا دیارییە جوانەکەی نەبینیبوو. (دێلا) بە پەرۆشەوە لەسەر لەپی خۆی بۆی برد. کانزا تەڵخە بەنرخەکە بوو کە کاریگەری گیانە گەرموگوڕەکەی دەیترووسکاندەوە.

- نایابە، وا نییە (جیم)؟ سەرتاپای شار بۆی گەڕاوم. لەمەودوا دەبێ ڕۆژانە سەد جار سەیری کاتژمێرەکەت بکەی، کوا بمدەرێ. دەمەوێ بیبینم و بزانم بە زریزەکەوە چۆنە. لە بری هەندێ (جیم) بازی دا سەر قەنەفەکەوە و دەستەکانی خستە پشت سەرییەوە و خەندەگرتی و گوتی:

- (دێلا)، با کەمێک دیارییەکانی کریسمەس وەلانێین، ئێستا شایەنی ئەوە نییە بەکاریان بهێنین. من کاتژمێرەکەم فرۆشت، فرۆشتم تاکوو بتوانم شانەکانت بۆ بکڕم. ئێستاش کاتی گۆشت برژاندنەکە هاتووە.. وا نییە؟

مەجووسەکان (یان با بڵێین بیرمەندەکان) وەکوو دەزانن سێ کەسی زۆر دانا بوون لە دیارییەکانیان بۆ منداڵە تازە لە دایکبووەکەی نێو ئاخوڕی ئاژەڵان- واتا پێغەمبەر عیسا- داهێنانیان کرد (بە پێی ئەوەی لە ئینجیلدا هاتووە)، بۆیە دیارییەکانیشیان وەکوو خۆیان زیرەک بوون، لەوانەیە لاسایش کرابنەوە. لێرەدا من چیرۆکی دوو گەمژەی نێو شوقەیەک باس دەکەم کە نەزانانە گرانترین گەنجینەکانیان بۆ یەکتر کردە قوربانی، بەڵام لە دوا وتە بۆ بیرمەندەکانی ئەم سەردەمەمان ئەو دووانە لە نێو هەموو ئەوانەی دیاری دەدەن و دیاری وەردەگرن زیرەکترینن، لە هەموو شوێنێک زیرەکترینن، ئەوانە دانان.

*** برۆدوێی (Broadway) شەقامی شانۆکانە لە نیویۆرک.**

**سەرچاوە:**

**چیرۆکی The Gift of the Magi، گووگڵ:**

**www.oweleyes.org**